# ڕەوشی باوەڕ و خواستی ئازاد

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)
( ٢- ٢ )

- ئەگەر بۆچوونی یەکەم لە ڕوانگەی ئایینی و لاهووت و شەرعەوە هەنگاوی هەڵبگرێ و هەڵیگرتبێ، ئەوە مەبەستەکەی ئازادی مرۆڤی تاک نەبووە، بەڵکوو پتر ڕاکێشانی تاکەکان بووە بۆ لای ئایینەکە و خزمەتکردنی بڕوا و باوەڕە (عەقیدە و ئیمانە) لە ئارادا بووە کە بووە، لاهووت، شەرع بەپێی بۆچوونی ئەو (مالووم و کەشیش و زانا ئایینیانە) پێویستی بە پاساودانەوەوە هەبووە، ئیتر قسەکردن لە ئازادی خواست و مرۆڤی سەربەست و ئازاد لە خۆیدا، جۆرە ئامرازێک بووە بۆ مەبەستێک دوور و نزیک مرۆڤ لە هاوکێشەکەدا بوونی نەبووە. هیچ کارئاسانیشی بۆ نەکردووە، بگرە پتر بە چەند بنەمایەک پابەندی کردووە کە بارگرانی سەرشانی سەختترکردوون. (موعتەزیلە لەو بۆچوون و بڕیارە بەدەرن و نایانگرێتەوە).

- ئەو زانایانەی ئایین (کەلام) کە هەوڵی جێگیرکردنی داد و دەسەڵات و ئازادی و (قودرەتی) ڕەبیان داوە، هەوڵەکەیان لەچوارچێوەی تیۆری بەدەستەواژە دەربڕاو پتر بڕی نەکردووە و سنووری چالاکی هزری نەبەزاندووە! ئایین وەک نەزمێکی باوەڕ و بڕوا هێنان پێوەندی نێوان ڕەب و داهێنراوەکانی (بەندەکانی) ڕێک دەخات، جۆری ژیان و کردار و بیرکردنەوەیان بە نەخشەیەکی پێشیانە ڕەنگ بۆڕێژراو سنووردار دەکات، ئیتر کێشە و بابەتەکان

لەلایـەن مرۆڤـی هزرمەند، فەیلەسـووف، پیاوانی ئایین بەهـەر لایەکدا لێـک بدرێنـەوە و یەکلایـی بکرێنـەوە (نێگەتیـڤ – پۆزیتیـڤ) بـە ئـا و بـە نـا هـەر یـەک شـتە و هیـچ لـە بابەتەکـە نـە کاڵ، نـە تـۆخ و چـڕ دەبێتـەوە، چونکـە بەهـەر بارێکـدا ئـەو کۆششـانە هەڵبسـەنگێنرین هـەر ئـەو ئەنجامـە دەکەوێتـەوە کـە لـە سـنووری دەسـتەواژەی بـە زمـان دەربـڕاو ناچنـە دەرەوە و نایبەزێنـن.

ڕاسـتە ئایینـەکان لەسـەر زەوی و لـە ژیانـی ڕۆژانـەی مرۆڤـدا جێگیـر بـوون و ڕەگوڕیشـەی خۆیـان لـە کۆمەڵگـەدا داکوتـاوە، کۆمەڵگـە و نەتـەوە و قۆناغێـک بـەدی ناکرێ ئایینـی نەبووبـێ، یـان تێیـدا نەدیترابـێ، بـەڵام لاری لـەو ڕاسـتییەش نییـە کـە ئـەو ئایینانـە (ئیبراهیمییـەکان) خەسـڵەتی ئاسمانی ترانسـندێنتی (میتافیزیکـی سەرووسروشـتیان) بـە خۆیـان بەخشـیوە، بەهیـچ جۆرێـک دەسـتی مـرۆڤ نایانگاتـێ! تەنانـەت پەیامبەرانـی ئایینەکانیـش لـە چەنـدان بۆنـە و فەرموودەیەکیانـدا ئەوەیـان دووپـات کردووەتـەوە کـە ئـەوان هەڵگـر و ڕاگەیەنـەری پەیامێکـن هیـی خۆیـان نییـە، بەڵکـوو لـە جیهانێکـی دیکـەوە (لـە ئاسـمانەوە) بۆیـان هاتـووە، ئـەوان لـە پەیامبـەر و بەنـدە (عبـدە و رسـولە) بـەولاوە نیـن.

– هـەر بـەو شـێوازە ئینگڵـز لـە ڕوانگەیەکـی ئایدیۆلۆجـی سیاسـی کـە لـەلای بـووە بـە بـاوەڕ و بـڕوا (عەقیـدە) قسـەی لـە جـۆرە ئازادییـەک کـردووە کـە لـە دەرەوەی مرۆڤـی تاکـە و لـەلای چیـن و توێژێکـی دیاریکـراو دەستنیشـان کـراوە و لەنگـەری گرتـووە و گیرسـاوەتەوە، ئازادییەکـەش ئامـرازە لـەلای لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی ئامانجێکـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

١٠– دەربـارەی خواسـتی ئـازادی سـەدەی هەژدە و نـۆزدە، پێگەیەکـی بەرچـاو، بـەڵام لەیەکتـری جیاوازیـان هەیـە. لـە هـەردوو سـەردەمدا ئاییـن (کەنیسـەی مەسـیحی و دەسـەڵاتە دنیاییەکـەی) لـە پاشەکشـەدا بـوون و زانسـت بـە هەنـگاوی گـەورە بـەرەو پێـش چـووە. ئـەو دوو ڕەوشـە دوو جـۆرە هەڵوێسـت و بۆچـوون و جیهاندیـدی داهێنـاوە.

لەلایەکـەوە سـەدەی هـەژدە سـەردەمی ژێـر و ئومێـد و گەشـبینی بـووە، ئایینەکـە چەکـی لەدەسـت دەرهێنـاوە، لـە چوارچێـوەی کڵێسـەدا بەئارامـی گۆشـەگیر بـووە. دەربەگایەتـی بـە تەواوەتـی سـەنگەری چـۆڵ نەکـردووە. چینـی تازە سـەری هەڵـدا و (سـەرمایەداری) بـە تەواوەتـی دەسـەڵاتی بەسـەر کۆمەڵگە و دەوڵەتدا نەشکاوە، زانسـتیش لـەلای خۆیـەوە لـە پەرەسـەندنێکی هێمـن و لەسـەرخۆ بـووە! هیوابـوون بەدوارۆژێکـی باشـتر ڕوون و ئاشـکرا نەبـووە.

– بەپێچەوانـەوە سـەدەی نۆزدە دوای ساتمەکردنی فەلسـەفەی ئایدیالیسـتی ئەڵمـان و گەڕانـەوە بـۆ فەلسـەفەی ترانسـندێنتی کانـت، گەشـەکردنی زانسـت لەئاسـتی ئامانجەکانـی ژیانـدا نەبـووە، بگـرە ڕەشـبینی، بـێ ئومێـدی دوا ڕۆژێکـی تـر جێگـر بـووە. کـە لـە ئاسـتی داخـوازی ژیـان و خواسـتی گوزەرانـی مرۆڤـی ئەورووپـا بێـت، لـە بەرانبـەر ئـەم دۆخـەدا جارێکـی دیکـە سـەرنج بـۆ لای مـرۆڤ و کاروبـار و هەسـت و سـۆز و ئێـش و ئـازار و خۆشـی و ناخۆشـییەکانی ڕاکێشـراوە.

ڕەوش و دۆخـی پێشـووی مـرۆڤ کـە لـە نێـوان بەهاکانـی ئاسـمان و پێداویسـتییەکانی ژیانـی سـەر زەوی حەپەسـاو و نیگـەران بـووە، پشـتی تێکـراوە و ڕوو لـە دوا ڕۆژکـراوە. هونـەر و ئـەدەب و ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ئایدیۆلۆجـی، تەنانـەت فەلسـەفەش پرپشـکی ئـەو بزووتنـەوە فراوانەیـان بەرکەوتـووە کـە بـە ڕۆمانسـییەت ناسـراوە. ئـەو بزووتنەوەیـە کـە ژان ژاک ڕۆسـۆ ڕابـەری بـووە، هەوڵـی داوە

گۆڕانی پیشەیی بەسەر بنەما سوننەتییەکانی ئاکار و هونەر و ئەدەبدا بهێنێ، ئیتر ئەو گۆڕانە بەشێوەیەک لە شێوەکان فەلسەفەشی گرتووەتەوە. لێرەدا هەست و سۆز و ڕازونیاز پشکی شێریان بەرکەوتووە و تا ڕادەیەک جێگەی ژیریان لەق کردووە. لێرەوە دروشمی گەڕانەوە بۆ سروشت و ژیانی سادە و ساکار و پشتکردنە پرۆسە و ئەنجامی وشک و بێ گیانی زانست پەیڕەو کراوە. کۆششکردن بۆ جێگیرکردنی ئازادی مرۆڤی تاک بووە بە مەبەستی سەرەکی و دەربارەی پرۆسەی بە پیشەسازی کردن (سنعات) و بەهێز بوونی چین و توێژی سەرمایەداری و چالاکی پرۆلیتاریات و بزووتنەوەی بازاڕ و بازرگانی و ئەو بزووتنەوەی بە سۆسیالیستی ناوبراوە، بەوپەڕی خەمساردی و پشتگوێ خستن پێشوازییان لێ کراوە، بەڵام هەستی نەتەوایەتی وەک دیاردەیەکی سیاسی دژ بە دەرەبەگایەتی لەبرەودا بووە.

– لە بابەتی ئەدەب و هونەردا پێوەری جوانیی و ئیستێتیک، خراوەتە سەر پێوەری سوود و قازانج و بەرژەوەندی.

ڕۆمانسییەکان قینیان لەسەرمایەداران هەبووە، نەک بۆ سوود و قازانجی ڕەنجدەر و چەوساوەکان، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پابەندە بە تەماحکاریی و چاوچنۆکی (ڕسل: ٢٠٠ ل ٦٩٢)، فۆرمی ڕۆمانتیکی یاخیبوون ئەوپەڕی جیاوازە لە ئاراستەی فۆرمی ژیرەکی، ئەگەرچی هەردووک لایان لەسەرچاوەی شۆڕشی فەرەنسا و فەلسەفەوە ڕۆمانتیکییەکان هەڵیان هێنجاوە. نیتشێ و شۆپنهاوەر بە باشترین شێواز ئەو ئاراستەیەیان بەرجەستە کردووە. لە ئەنجامدا مەیلی هەستی نەتەوایەتی تا ڕادەیەک لەلایان خەستوخۆڵ بووەتەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی دووپاتکردنەوەی گرنگیی ڕۆڵی خواست لە چاو ژیر و زانست. ڕۆمانسییەت گەڕانەوەیە بۆ سروشت، ژیانی گوند و لادێ و دوژمنایەتیکردنی ژیر و زانست و دابونەریت و بەها بەزۆر بەسەر ژیان و کۆمەڵگەدا سەپێنراو.

١١ – فەیلەسووفی ڕەشبینی بە نەتەوە ئەڵمان، ئارتۆر شۆپنهاوەر (١٧٨٨ – ١٨٦٠)، بەجوانترین شێواز لە فەلسەفەدا بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەربڕیوە لەوەدا کە پێی لەسەر ڕۆڵی لە ڕادەبەدەری خواست داگرتووە و جیهانی بە وێناکردن و بۆچوون داناوە. (شۆپنهاوەر: ١٩٦٠: ل٧ بەئەڵمانی).

فەیلەسووف کۆرپەی سەردەمی خۆیەتی و بە کەشوهەوای ژینگەکەی گۆش کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە کێشەیەکی هزری – ژیریی لۆجێکیدا، لەگەڵ سەردەمەکەی دەبینێ و دەچێتە ژێر باری یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە، لەوەدا جیهاندیدێکی نوێ لەباری دەوروبەر ڕەنگ دەڕێژێ لە کاتێکدا ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵکەوتەبێ کە تێیدا ژیاوە، ئەوجا گیانێکی نوێ و گەرموگوڕییەک بەو وێنەیە دەدات کە دەکرێ بگوترێ پایە و پلە باڵاترە لەوەی کاری تێکردووە و بنەمای بۆ چوون و ڕەنگ ڕشتنەکەی بووە، ئەمەیە مەبەست کە دەگوترێ فەلسەفە پەرەپێدان و گەشەپێکردنی کولتوورە کە بەشێوازێکی نوێ دایدەڕێژێتەوە و فۆرمۆڵەی دەکات!

– ڕەشبینی سەدەی نۆزدە و پشتکردنە ژیر و لۆجیک، پەسەندنەکردنی سروشتی کولتووری سەدەی هەژدە بووە کە ژیر و زانستیان خستووەتە سەرووی هەموو بابەتەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر و لەو باوەڕەدا بوون کە (هزرمەند و سیاسەتمەدار و فەیلەسووفەکان) ئەوەی ئایین نەیتوانیوە چارەسەری بکات و ئەو پرسیارانەی نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە و ئەو

بەڵێنانەی دابوونی، پاشەکشەی لێ کردوون، زانست و ژیر دەستەبەری یەکلاییکردنەوەیان دەبن. مرۆڤ دەتوانێ لەسەر زەوی بەهەشت و دۆزەخ دابمەزرێنێ، پێشکەوتنیش بووە بە دروشمی سەردەمەکە و ئەو بیرۆکەیە بووە کە هۆکاری بزوێنەری پێکهاتە کولتوورییەکانی قۆناغەکە بووە. شۆپنهاوەر بەئەرکی سەرشانی خۆی داناوە کە ئەو جیهاندیدە کاڵ بکاتەوە و لە جێگەی گەشبینی و ئومێد بە ژیر و زانست، ڕەشبینی و بیرۆکەی خواستی جێگیر کردووە. وەک دژە ژیری لۆجیک و تیۆری زانین کە گرنگترین لقی فەلسەفەن، دووری خستوونەتەوە و خۆی بەمیتافیزیک و ئاکار و ئیستێتیک (جوانی و هونەر)ەوە خەریک کردووە.

– فەیلەسوفێکی ڕەشبین، باوەڕی بە هەستی نەتەوەیی لاواز بووە، خواست کە بەردی بناغەی فەلسەفەکەیەتی، بنەمایەکی میتافیزیکی پێ بەخشیوە و لە ڕوانگەی بنەماکانی ئاکارەوە بە نارێ (نێگەتیڤ- وەک بەدکاریی) هەڵی سەنگاندووە! پشتی کردووەتە ئایینی مەسیحی وڵات و نەتەوەکەی و ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بەلاوە پەسەندبووە، بەتایبەتی ئەوانەی قسەیان لە ئێش و ئازاری و نەهامەتی و کلۆڵی کردووە. هیچ کاتێک باوەڕی بە سەرکەوتن نەبووە، بەڵکوو ئاشتی و هێمنی و گۆشەگیریی هەڵبژاردووە، ئیتر ئەم هەڵبژاردنە بەخواستی خۆی بووبێ، یان بە ناچاریی، یان ئەنجامێکە لە ڕەشبینییەکەی کەوتووەتەوە؟ کامیانە؟ شۆپنهاوەر ڕەخنەی کانتی پەسەند کردووە، بەڵام بەجۆرێکی دیکە لێی تێگەیشتووە و بەجۆرێکی تر بەکاری هێناوە، چەمکی شت لەخۆیدای ئاوێتەی خواست کردووە و بەلایەوە ئەوەی بۆ پەیبردنی هەستەکی دەردەکەوێ لە خواست بەولاوە شتێکی دیکە نییە (ڕسڵ: ٢٠٠ ل ٧٦٢ بە ئەڵمانی) خواست بەو پێیە یەکەیەکی یەکڕەنگە، هیچ پێوەندییەکی بەکاتەوە نییە، چونکە خواست لەودیو دیاردەکانەوەیە و پابەندی کات و جێگە نییە، ئەو دوو چەمکە سەر بە دیاردەکانن. لەلایەکی دیکەوە کات و جێگە سەرچاوەی گۆڕان و بنەمای هەمەڕەنگین و خواست وانییە. خواست بنەمای یەکڕەنگییە و لە چوارچێوەی تێکڕای پرۆسەی سروشتیدا بە هەردوو ڕەهەندی زیندوو — مردوویدا بەدەر دەکەوێ. ئەو ئەنجامەی شۆپنهاوەر لەو بۆچوونەی پێی دەگات، ئەوەیە کە خواست ئیتر هی مرۆڤی تاک بێ، یان هەمەکیی گەردوونی، سەرچاوەی ئێش و ئازار و زەبوونی و نەهامەتییەکی بێ بڕانەوەیە!

١٢ – ڕەشبینی، نیگەرانی، بێ ئومێدی، نەخۆشی، چارەنووسی نادیار و مردن ئەو چەمکانە بوون کە تانوپۆی تابلۆی جیهاندیدی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفە هەست ناسکەیان لێ پێکهاتووە، بۆیە سەیر نەبووە کە فرەدریک نیتشێ بە نموونەی بەرزی خۆی و بە مامۆستای ڕاستەقینەی پەروەردەکردنی مرۆڤی داناوە. (نیتشێ ٢٠٢١، ل٣٨) ئەو پرسیارەی دەکرێ: ئەگەر مرۆڤ بەو جۆرە بیر بکاتەوە، ئایا لە چاویدا ژیان هیچ واتا و ئامانج و ئومێدێکی دەمێنێ؟ بۆیە دەکرێ جارێکی تر مرۆڤ بپرسێ:

ئایا مرۆڤ بە پێی جۆری بیرکردنەوەی، یان بە هۆی کرداریەوە (ژیر، یان کردەوە؟) دەناسرێتەوە و هەڵدەسەنگێنرێ؟ مرۆڤ ئەگەر خاوەن خواست و بڕیاری ژیریی پشت ئەستوور بە بنەماکانی ئاکار نەبوو، خۆی بەهۆی بیروبۆچوونی کەسانی ترەوە ناسی، بێگومان

لە ناخی خۆیدا لە بۆچوونی کەسانی دیکە بەولاوە هیچی تر نابینێ، ئەمەیە مەبەست کە گوتراوە:

کلیلی بیرکردنەوە و ژیری خۆی بەدەست خۆیەوە نییە، ڕاستە مرۆڤ لە ڕەوش و دۆخێکی دیاریکراودا لەدایک بووە و بە پەروەردەیەکی تایبەتی گۆش کراوە، هەر لە چوارچێوەی خێزانەوە تا دەوروبەر و قوتابخانە و خوێندنی باڵا، ئیتر بۆیە جۆری زانین، بڕیاردان و پەی پێبردن و هەوڵدانی بۆ گەیشتنە مراز و مەبەست و ئامانج پێشیانە دیار و سنووردارە، ئیتر ناچار دەبێ پەنا بۆ ئەو ئامرازانە بەرێ کە دەستی دەیانگاتێ، بەنیازی ئەوەی ئامانجەکانی بپێکێ، بەڵام کانت وتەنی: ئەگەر ئەو سنوورەی خۆی بەزاند، زانی چی دەخوازێ و چی پێویستە لەسەری بیکات! دەکەوێتە گێژاوی ئەو نیگەرانی و زەبوونی و ڕەشبینی و بێ ئومێدیەی شۆپنهاوەری داماو بەدرێژایی ژیانی تایبەتی و ئەکادیمی بەدەستیانەوە ناڵاندوویەتی و پرزەیان لێ بڕیوە!

- شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدا بووە کە گیرۆدە بوون و ناڵاندن بەدەست ئێش و ئازار و کێشەکانی ژیان هاندەرن بەرەو کۆششکردن بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، بەڵام ژیانی بەختەوەری لەودیو ئاوات و ئامانجەوەیە، ئەوەی مرۆڤ دەتوانێ پێی بگات ژیانێکی تا ڕادەیەک بێ وەیی و دوور لە ئێش و ئازارە، چونکە سەرکەوتن ئەگەر لە کردن نەیەت، ئەوە ئەوپەڕی سەخت و دژوارە، ئەوەی بەجێ دەمێنێ و یەخەی مرۆڤ بەرنادات: یادەوەرییەکانە بە شیرینی و تاڵییەوە، بە خۆشی و ناخۆشییانەوە! بۆیە پرسیاری مرۆڤی نیگەران و داماو هیچ کاتێک گەرموگوڕی خۆی لەدەست نادات: بۆچی مرۆڤ دەژیا؟ چی لە ژیانەوە فێر دەبێ؟ بۆیە دەکرێ بگوترێ: شۆپنهاوەر و نیتشێ سەرچاوەیەکی جیهاندیدی فەیلەسووفە ئێگزیستینتیا لیستەکان (سارتر و کامو) بوون کە لە بەرهەمەکانیاندا لەو جۆرە پرسیارانەیان بە بیردا هاتووە و کۆششی وەڵامدانەوەیان کردووە. (البیر کامو: اسطورة سیزیف: ل٥)، بەڵام بەهیچ جۆرێک شۆپنهاوەر بیری لە بوون نەکردووەتەوە، بەهەردوو ڕەهەندی تاک و گشتییەوە. بوونی مرۆڤی تاک کە بەهۆی تاقیکردنەوەی زیندووی ژیانی ڕۆژانەیەوە ئاوێتەی ژیان دەبێ و کەسێکی تر (نا من، نا ئەو) ناتوانێ لەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیدا بەشداری بکات و سەرنجی شۆپنهاوەری ڕانەکێشاوە.

- ناکرێ کیرکیگارد (فەیلەسووفی دانیمارکی و شۆپنهاوەر و نیتشێ لە یەک هاوکێشەدا کۆبکرێنەوە گوایە هەرسێکیان (خودین) بایەخیان بە خودی مرۆڤی تاک داوە. ئەگەر ئەم سێ هزرمەندە لەچوارچێوە گشتییەکەدا پێکەوە بێنەوە، لە وردەکارییەکانی جیهاندیدە هەمەڕەنگییەکانیاندا جیهاوازی ڕوون و ئاشکرا لەنێوانیاندا هەیە. کیرکیگارد ژیانی خۆی کردووە بە کەرەستەی فەلسەفەکەی، شۆپنهاوەر ڕەشبین و بێ ئومێد لە ژیان، پەنای بۆ خواستی خۆی بردووە و هەروەک ئەوەی شوێن کڵاوی بابردوو کەوتبێ، بەدەستی بەتاڵ و ڕەنجەڕۆ لەو سەرەوە هاتووەتەوە، نیتشێ بەجۆرێکی دیکە بیری کردووەتەوە و باوەڕی بە ئایین و بەهاکانی ژیان و ئاکار نەبووە، داوای سەرتاپا گۆڕینی بەهاکانی ژیان و ئاکاری کردووە، بەڵام ئایا ئەو ڕێوشوێنانەی ژیان کە پێشنیازی کردوون و ئەو بەهایانەی بە شایستەی مرۆڤی داناون لەگەڵ بنەماکانی ژیان دێنەوە؟ یان تەنیا هەر بۆچوونی مرۆڤێکی سەرلێشێواوی باوەڕ و بڕوا لەدەست داوی بێ ئومێدن؟ ڕاستە

بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی مرۆڤ و ژیان و چارەنووس و ئاکار و بەهاکانی هەبووە و لە بارەیانەوە نووسینی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ناچنە خانەی فەلسەفەی سوننەتییەوە، بەڵکوو بەلای ئەدەبێکی ڕەخنەگری ئاوێتەکراو بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجی (وەک خۆی تێیان گەیشتووە) هەنگاوی هەڵگرتووە. خۆیشی لاری لەوە نەبووە کە سوودی لە بەرهەمەکانی شۆپنهاوەر وەرگرتووە، بەڵام بەشێوازی تایبەتی خۆی خوازراوەکانی دەربڕیوە. چەمکی خواستی هێز کە کردوویەتی بە بنەمای جیهاندیدەکەی بەرەو گەیشتن بە قۆناغێک تێیدا سۆپەرمان دەست ڕۆیشتوو دەبێ، لە پوختە و گەوهەریدا سنووری ئەندێشەی مرۆڤێکی سەرگەردان و خووم لێ شێواو نابەزێنێ و بەهیچ بنەمایەکی ژێر پشتڕاست ناکرێتەوە! ڕەخنەکردنەکەی ئایین و بەهاکانی ئاکاریش لە چوارچێوەی ڕێبازی (بێهوودەیی و بێ سەروبەری) ناچنە دەرەوە. کولتووری توێژی بەهێز و لاواز و بێ دەرەتانان، دەستکردی بۆچوونی خۆیەتی.

خواستی هێز و جەنگ بەهیچ شێوازێک لە خۆیاندا مەبەست و ئامانج نین و بەهایەکی دروستیان نییە. بەها و ئامانجیان ئەوکاتە دیار و دەستنیشان دەکرێ کە بۆ چ مەبەست و ئامانجێک پەنایان بۆ دەبرێ؟ ئایا مەبەستی هێز و جەنگ خزمەتکردنی سوود و قازانجی مرۆڤە، یان نا؟ (یوسف کریم: ١٩٨٦: ل٤١١).

باڵادەستی ئەو فەیلەسووفە لەوەدا دەرکەتووە کە بە زمانێکی ئەدەبی ڕوون و ڕەوان خواستی هێزی ئاوێتەی بنەماکانی ئاکار و جۆرە میتافیزیکێک کردووە، ئەویش وەک شۆپنهاوەر خواستی خستووەتە سەرووی پرۆسەی زانین و نەزانین بەگشتی! ئەو ڕەخنەیەش کە لە ئایینی گرتووە، بەو بنەمایانەی ئاکار پشت ئەستوورە، وەک چۆن خۆی لێی تێگەیشتووە. ئەو دوو فەلسەفەیە دیاردەی هەڵکەوتی سەردەمێکی دیاریکراون و دووبارەبوونەوەیان ئەستەمە! چونکە بەهیچ جۆرێک ڕووداوەکانی مێژوو دووبارە نابنەوە و دوێنێ و ئەمڕۆ دوو کات و سەردەم و قۆناغی لەیەکتری جیان. خۆ ئەگەر، وەک گریمانە، وای دابنێین کە مێژوو، ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی هەبێ، فەلسەفە و فەیلەسووف لەو دیاردە و هەڵکەوتە بەدەرنین و ئامرازێکن لەو ئامرازانەی بۆ پیادەکردنی ئەو مەبەست و ئامانجە دەچنە ژێر باری ئەرکی سەرشانیان کە مێژووی قۆناغەکە پێی سپاردوون!

ویژدان- خواست، دوو چەمکن لە شاکاری جیهان وەک خواست و وێناکردن و بۆچوون تاووتوو کراون. ویژدان بەلای شۆپنهاوەرەوە بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکوو بریتییە لە تێکەڵەیەک لە دابونەریت، ترس و نیگەرانی، بێ هەڵوێستی و بێ ئومێدی و بڕیاری سەرپێی پێشیانە پێکهاتووە.

- جیهانیش لە وێناکردن و بۆچوون بەو لاوە نییە، مرۆڤ ئەگەر بەچاو سەرنج بدات و دەستی بۆ لێدانی شمەکی دەووبەر بەکاربهێنێ، ڕاستی ئەو قسە بڕیارەی بۆ ڕوون دەبێتەوە (شۆپنهاوەر: ١٩٩٦: ب١، ل٣١ بە ئەڵمانی) لەو دوو بڕیارەوە کە گەوهەری جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی پێک دەهێنن، ئاراستەی ئایدیالیستی خودی بەئاشکرا دەردەکەوێ، ئیتر بڕیاری خودی مرۆڤ پشکی شێری بەردەکەوێ، پاشەکشەش بە ژیر و لۆجیک کراوە. لەو ڕەوشەدا کە بڕیاری خواست پێش وردبوونەوەی هزری ژیری بێت، ئارەزوو، هەست و سۆز لە گشت ڕەهەندێکدا هۆکاری دەستپێشخەری دەبن و دەرگەی کەوتنەوەی بەدکاریی و بێ

سەروبەرەیی دەکرێتەوە! ئەمەیە مەبەستی شۆپنهاوەر کە خواستی بە نابینا ناوبردووە، ئیتر خواست لە خۆیدا هەموو شتێکە، بنەمای بیرکردنەوە و کاروکردارە و لەو چالاکییەیدا خۆی لە زانین و ژیر لە پێشتردا دەنێ.

بەلای شۆپنهاوەرەوە ڕاستە مرۆڤ لە کار و بڕیاردانەدا پێویستی بە زانین هەیە، بەڵام کە کارێک هەڵدەبژێرێ بیکات، خواست هۆکاری ئەو هەڵبژاردنەیە، نەک ژیر و زانین! (د. السید شعبان حسن: ١٩٩٦. ل٣٢)

ئەو بڕیارە یەک لایەنەی ئەو فەیلەسووفەی لە ڕاستی دوور خستووەتەوە، چونکە هەر لایەنە نێگەتیڤەکەی خواستی دیتووە. لاری لەوە نییە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، ئەو خەسڵەت و سروشتەشی دەبنە مایەی ئەوەی کە خواستەکەشی ژیرەکی بێت، بەڵام لاری لەوەش نییە کە هەندێ کرداری مرۆڤ هەن، بمانەوێ و نەمانەوێ، پشت بە ژیر و لۆجیک نابەستن و لە خواستنەوە سەرچاوە دەگرن. هەرەمەکی بڕیاری خواست، هیچ کاتێک نابێتە مایەی کەوتنەوە و جێگیربوونی نەزم و ڕێکوپێکی و دیاریکردنی ئامانجی ڕاستەقینە و پێگەیشتنی!

- شۆپنهاوەر هەوڵی داوە چەمکی خواست لە پاوان و دەڤەری پرۆسەی زانیندا پیادە بکات.

ئەگەر خواست تانوپۆی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفە بێت، تیۆری زانین چ پایە و ڕۆڵێکی لەو جیهانیەدا هەیە؟ پێوەندی بە خواستەوە چۆنە؟ ناوونیشانی شاکارەکەی (جیهان خواست و وێناکردن و بۆچوونە) تا ڕادەیەک وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە: کەوابوو جیهان بۆچوونی مرۆڤە کە خود وێنای دەکات و بەهۆی ژیرەوە دیاردەکانی دەوروبەر دەزانێ و بەو پرۆسەیە، جیهان لە هۆشدا ڕەنگ دەڕێژێ.

لەو پرۆسەیەدا پەیبردن بە شت، بەتایبەتی بە هەستەکان، لایەنێکی چالاکییەکەیە و مێشک (تێگەیشتن) کارەکە تەواو دەکات و وێنەیەکی هەمەڕەنگی بە بڕشت و بەبژوێن لەو هاوردەی هەستەکان ڕەنگ دەڕێژێ کە وێنەی جیهانی دەوروبەرە. لێرەدا پەی پێ بردنەکە بە تەنیا هەستەکی نابێ، بەڵکوو ژیرەکیشە، بەڵام ئەو پرۆسەیە بێ چەند و چۆن پابەندی خواستە کە دوا بڕیار لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدایە کە خواست تاکە دەرفەتە مرۆڤ هەیەتی بۆ ئەوەی ڕووداوێک کە خۆی دەردەخات، لە ناوەوە تێی بگەیشترێ، هەروەها تاکە شتێکە کە ڕاستەوخۆ لەلای مرۆڤ زانراو و ناسراوە، نەک وەک شتی تر کە ساکار و سادە لە وێناکردن و بۆچووندا هەبێ. لێرەدا ئەوە بەدەردەکەوێ سوودبەخشە و وەک کلیلەی گشت ئەوانی دیکەیە و تاکە دەروازەی گەیشتنە بە ڕاستیی (هەقیقەت). بەو پێیە دەبێ مرۆڤ سروشت لەخۆیەوە بزانێ و پەی پێ بەرێ، بەڵام نەک بە پێچەوانەوە (شۆپنهاوەر ١٩٩٦ ل٢٥٣ بە ئەڵمانی) بەو پێیە کە خواست ڕاستەوخۆ لەلایەن مرۆڤەوە بزانرێ و پەی پێ ببرێ، کەوابوو دەکەوێتە پێش زانین و ئامرازەکانی هەست و تێگەیشتن و ژیرەوە. ئایا دەکرێ مرۆڤ ڕاستەوخۆ خواستی خۆی بزانێ؟ یان بەهۆی چالاکی و کردارەوە دەکرێ پەی پێ ببرێ؟

خواست شتێکی ڕاستەقینەیە و لەگشت شێوە و ڕوخسارەکانی ژیاندا دەردەکەوێ و بەرجەستە

دەبێ. ئەگەر تێگەیشتن (زەین — مێشک) بە بۆچوونی فەیلەسووفی ڕەشبین و بێ ئومێد نەتوانن چییەتی شت لە خۆیدا بزانن، ڕێگە بۆ خواست خۆش دەبێ بۆ ئەوەی بەشێوازێکی دوور لە ڕۆڵی ژیر جیهانی ئەودیو کەرەستەی پەی پێ بردنی هەستەکی بزانێ! ئیتر بەو پێیە خواست لە خۆیدا دەبێتە چەمکێکی زانین و میتافیزیک و ئەو دەرفەتە دەستەبەر دەبێ کە مرۆڤ بەهۆی کردە خواستییەکانەوە خودی خۆی وەک بوونەوەرێکی هەبوو ساغ و پشتڕاست بکاتەوە.

- کەوابوو زانین لەو ڕەوشەدا، لەوێناکردن و بۆچوون بەولاوە نییە، بەڵام ئەو زانینە تەنیا دیاردەکان دەگرێتەوە و ناتوانێ ئەو سنوورە ببەزێنێ، بەڵام هەڵکەوتی دەوروبەر دەکرێ لە دوو گۆشەنیگاوە سەرنج بدرێ، لە گۆشەی بۆچوون و وێناکردن و لە سۆنگەی خواستەوە جیهان وەک بۆچوون دەکرێ پەی پێ ببرێ و بزانرێ، بەڵام جیهان وەک خواست بە نەزانراوی دەمێنێتەوە. (شۆپنهاوەر: ١٩٩٦، ب٢، ل١٤٩ بە ئەڵمانی).

کەوابوو بەلای ئەو فەیلەسووفەوە، کە نیتشێ بە پەروەردەکار داینـاوە، شـەمەکی دەوروبەر، زانین پرۆسەیەکە لە وردبوونەوەوە دەکەوێتەوە. وردبوونەوە لە شەمەکی دوور لە کاریگەری و ڕەهەندی کات و جێگە و هۆکار (بنەمای هۆیەکی، پێوەندی نێوان هۆکار و ئەوەی لێوە دەکەوێتەوە.)

- لە پاوانی ئاکاردا شۆپنهاوەر وەک هەرسێک دەڤەری خواست و زانین و میتافیزیک سنووری بیرکردنەوەی سروشتی — ئاسایی دەبەزێنێ و بەجۆرێک کە خۆی ویستوویەتی و تێی گەیشتووە، پێناسەی چەمکەکان دەکات.

لە بابەتی ئاکاردا ئەو ڕاستییە دان پێدانراوە کە بنەماکانی ئاکار و ئەنجامەکانی بەبێ کرداری ئازاد و مەبەستی ڕەنگ بۆ ڕێژراو کاڵ دەبنەوە و بڕ ناکەن، بەڵام بەلای ئەو فەیلەسووفەوە بابەتەکە بە جۆرێکی تر لێک دراوەتەوە: مرۆڤ لەوەدا ئازاد نییە کە پشت ئەستوور بە خواستی ئازاد بڕیاری ئازادانە دەدات و دەچێتە ژێر باری لێکەوتەکانییەوە! بەڵکوو ئەو ئازادییەکەی لەوەدایە کە ئەو خۆی چییە؟ کەسایەتییەکەشی لە ئەنجامی بژاردەکەی بەولاوە شتێکی دیکە نییە، کە پابەندی ڕەهەندی کات نییە و ناچێتە ژێر کاریگەریی بنەمای هۆیەکی!

ئەو بۆچوونەی شۆپنهاوەر وەک سەرجەم فەلسەفەکەی، سنووری جۆری بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە و ئەنجامگیری لۆجیکی دەبەزێنێ! هەر وەک چۆن بوونی ڕاستەقینەی جیهان بە بۆچوون داناوە. فەلسەفەیەک لە دوو ڕەهەند پێکهاتووە کە لە هزردا نەبێ و بەمەبەستی توێژینەوەی ئاکادیمی نەبێ پێکەوە نایەنەوە:

**یەک:** جیهان لە لایەکەوە خواستە، خواستێک کە پاڵنەر و بەگەڕخەرێکی نابینایە هۆکاری هەڵە و بە تەفرەچوون و ئێش و ئازار و ڕەشبینییە!

**دوو:** جیهان وێناکردن و بۆچوونە، ئەمەش لە جیهاندید و زانین پێکهاتووە. کە لە خۆیدا نقوم بوونە لە دەریای بێ بن و بێ قەراغی ئایدیالیستی.

دانانی خواست، بە هەردوو ڕەهەندی ئارێ و نارێوە، بە بنەما و خاڵی سەرەکی فەلسەفە و پاشەکشەکردن بە ژێر بە هیچ بنەمایەک پاساو نادرێتەوە! ناکرێ ژێر بەهۆکاری بەدکاری و هەڵە دابنرێ، بەڵام خواست هەرگیز لەو دۆخە

بـەدەر نییـە، تەنانـەت هەندێـک فەیلەسـووف لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە خواسـت خـۆی هـۆکاری بەتەفرەچـوون و هەڵەکردنـە، نـەک ژیـر.

– شـۆپنهاوەر دەربـارەی پێوەنـدی خواسـت و ئـاکار لـە گۆشـەنیگای بـێ ئومێـدی و ڕەشبینییەکەوە ڕەنگی ئـەو پێوەندییـەی ڕشتووە و پشـتی بـە ڕێنماییەکانـی بـودای هیندسـتانی بەسـتووە، بەتایبەتـی پشـتکردنە خێـر و خۆشـی و چێـژی ژیـان و هەوڵـدان بـۆ کەمکردنـەوەی ئێـش و ئازارەکانـی ژیـان. بـۆ ئـەم مەبەسـتە پشـتی بـە هەسـت و سـۆز و ناخـی دەروون بەسـتووە.

بـەلای شـۆپنهاوەرەوە بنەماکانـی ئـاکاری بـاو (کلاسـیک) کـە گوایـە دەبنـە مایـەی چاکەکاریـی و ئاسـوودەیی دەروون و پێویسـت بـووە پەیڕەوبکرێـن، هیچیتـر باویـان نەمـاوە. ئـەوەی لەسـەردەمدا ئـەو ڕۆڵـە دەگێـڕێ لـە خواسـتی ئـازاد بـەولاوە نییـە کـە ناکرێ هیـچ قانـوون و فرمانێکـی بەسـەردا بسـەپێنرێ.

– ئـەو پرسـیارەی لێـرەدا دەکـرێ: ئەگـەر بەزەیـی و هەسـت و سـۆز بنەمـای کاری ئـاکاری بن، ئەگـەر هەمـوو کردارێـک، بڕیارێـک مەبەسـتی دیاریکـراوی هەبـێ، کامیـان ئـەو مەبەسـتە ڕۆدەنـێ و دیـار و دەستنیشـانی دەکات، ژیـر، یـان خواسـت؟ ئەگـەر خواسـت هێزێکـی نابینـای ناژیرەکـی بێـت، دەکـرێ قسـە لـە مەبەسـت و ئامانـج بکـرێ بـە هـەردوو ڕەهەندییـەوە ناوەکـی کـە لەشـی مـرۆڤ (لـە ناخـی دەروونداـیـە) و دەرەکـی لـە سروشـتدا؟

خواسـت ئەگـەر ئامانجیشـی هەبـێ، بریتییـە لـە حـەز و ئـارەزووی نەپسـاوە و بـەردەوام و سـرەوتن و ماندوبـوون و شـەکەتی بـۆ نییـە، خـۆ ئەگـەر خواسـت ڕووبـەڕووی کۆسـپ و ئاسـتەنگ بـووەوە، ئێـش و ئـازار و نەهامەتـی و زەبوونـی سـەرئاو دەکـەون، ئەمـە بـووە کێشـەی شـۆپنهاوەر لـە جیهاندیدەکەیـدا و بەشـێوازی تایبەتـی دەسـتەبژێری خـۆی هەوڵـی دەربازبـوون و کاڵکردنەوەیانـی داوە. هەوڵێـک کـە لەلایـەن مرۆڤـی ژیـرەوە لـە ئاسـنی سـارد کوتانـەوە و بەدواکەوتنـی کڵاوی بـا بـردوو بـەولاوە نەبـووە، بۆیـە ڕەشـبین و بـێ ئومێـد بـووە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ – یوهـان هویزنجا: إضمحلال العصـور الوسطى: ت: عبدالعزیز توفیق جاوید، الهیئة المصریة للكتاب، ١٩٩٨.

2 – B> Russell: Philosophies Abend Landes. Wien 2000.

3 – Die Bible. R. Brock hous, Wupertal 2003

4 – Marlene Vesper: Marx in Algier. Bonn 1995.

٥ – د. احمـد محمـود صبحي: في علـم الكلام، المعتزلـة، بیـروت، ١٩٨٥.

٦ – فرانـز روزنتـال مفهـوم الحریـة فـي الاسـلام، لیبیـا، ٢٠٠٧.

7 – Arthur Schopenhaure: Die Welt Als Wille und Vorstellung. Frankurt 1996. BI. Bd.2.

٨ – فردریك نیتشه: شـوبنهاور مربیا، ت: قحطان جاسـم، بغداد، ٢٠٢١.

٩ – یوسـف كرم: تأریخ الفلسـفة الحدیثة، القاهرة، ١٩٨٦، ط٥.

١٠ – د. السـید شـعبان حسـن: فكـرة الارادة عند شـوبنهاور، التنویـر، بیـروت، ١٩٩٣.